www.kurdistannet.org
2-6-2007 17:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دایک ... موحسین شوانی

مەخموور

هۆ دایەگیان
شەوان چاوت ناچێتە خەو
تابەیانی ئێشکگری
بەدەم هەژان ولای لایەی
کۆرپە ئازیزەکەت دەگری
هۆدایەگیان
دڵت دەریاییپڕلەمیهرو
بەخشندەیە
لەئامێزی تۆدانەبێت
ژیرنابێتن هیچ کۆرپەیی
هۆدایەگیان
لەبەرامبەرسۆزیتۆدا
رۆحیپاکی
دایکایەتیت
چ پاداشتی شایستەتە
بۆیەبەهەشت
بەگەورەیی وبەپیرۆزی
لەژێر پێتە
هۆدایەگیان

لێم ببوورە
دوای تەمەنی لەغوربەتی
هاتووم ساتی
وەکوجاران
لەباوەشی بەزەییتا
رام هەژێنی!
هاتووم بلێی لەتۆرازیم
چونکە ئێستا
بەدەم سرینی ئەسرینی
پەشیمانی عومر دەگریم

م. ش
2007/3/11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.